بافڵ جەلال تاڵەبانی بۆ خاوەن ئۆتۆمبێلە بێ سەرەتاکان: ئەرکی ئێمە پاراستنی ماف و بژێوی ژیانی خەڵکە

بافڵ جەلال تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتی لەدیدارێکدا لەگەڵ نوێنەری خاوەن ئۆتۆمبێلە بێ سەرەتاکان رایدەگەیەنێت، "ئەرکی ئێمە پاراستنی ماف و بژێوی ژیانی خەڵکە و رێگە نادەین غەدر و ناحەقی بەرامبەر هیچ کەسێك بکرێت" و دەشڵێت، "هەماهەنگ دەبین تاوەکو لەچوارچێوەی یاسا و رێکارەکاندا کێشەی ئۆتۆمبێلە بێسەرەتاکان چارەسەر بکرێت".

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکی یەکێتی، بافڵ جەلال تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتی لە دەباشان چاویکەوت بە نوێنەری خاوەنی ئۆتۆمبێلە بێسەرەتاکان. لەسەرەتای کۆبونەوەکەدا نوێنەری خاوەنی ئۆتۆمبێلە بێسەرەتاکان لە راپۆرتێکدا کێشە و داواکارییەکانیان خستەڕوو و راشیانگەیاند، "پابەندی رێنمایی و رێکارە یاسایی و ئەمنییەکان دەبن و هاوکاری تەواوی دەزگای ئاسایش و سەرجەم دامەزراوەکان دەبن بۆ پاراستنی ئارامیی سلێمانی".

لەبەرامبەردا بافڵ جەلال تاڵەبانی پشتیوانیی خۆی بۆ سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دوپاتکردەوە و ئاماژەی بەوەکرد، "خۆمان بە پارێزەری سەرجەم خەڵکی کوردستان دەزانین

بەهەمو چین و توێژەکانیەوە، ئەرکی ئێمە پاراستنی ماف و بژێویی ژیانی خەڵکە و ڕێگەنادەین غەدر و ناحەقی بەرامبەر هیچ کەسێك بکرێت.

سەرۆکی یەکێتی وتیشی، "لەگەڵ سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان و دەزگا ئەمنییەکان هەماهەنگ دەبین تاوەکو لەچوارچێوەی یاسا و ڕێکارەکاندا کێشەی ئۆتۆمبێلە بێسەرەتاکان چارەسەر بکرێت، بێگومان پابەند بە ڕێنماییەکانی هاتوچۆ و ئاسایش ئەم کارە دەکرێت و دەبێت یاسا وەك یەك بەسەر هەمواندا جێبەجێبکرێت".

نابێت لە کوردستاندا مافی هیچ توێژێکی کۆمەڵگە پێشێلبکرێت

لەکۆتایی کۆبونەوەکەشدا بافڵ جەلال تاڵەبانی رایگەیاند، "نابێت لە کوردستاندا مافی هیچ توێژێکی کۆمەڵگە پێشێلبکرێت و نادادیان بەرامبەر بکرێت، پشتیوانیی هەموان دەبین و هەرێمێکمان دەوێت تێیدا هەموان هەست بە ئارامی و پارێزراوی بکەن و ڕێز لە مافەکانیان بگیرێت".